# سڵاوێك لەخۆت،
# دووسەد لەدایکت!

نوسینی/ ئاوات نامیق ئاغا



**ئـــەم نـــووســـیـــنـــە پـــێـــشـــکـــەشـــە بەهونەرمەندانی ڕەسەنی کورد و بەوانەش ڕێز لەڕەسەنایەتی ئەگرن.**

باربیکان، ناوی ئەو مەڵبەندە مەزنەی چەقی ڕۆژئاوای لەندەنە کە گشت جۆرەکانی هونەر لەئامێزئەگرێ و ساڵ دوانزەمانگ جمەی دێ. ئەم ناوەندە کەلە٣ی مارتی پاردا یـادی ٢٥ ساڵـەی دامـەزرانـدنـی گـیڕا، بەگەورەترین بنکەی هونەریی سەراپای ئەورووپا بەناوبانگە.

هۆڵی باربیکان، کە بەماڵی ئۆرکسترای سەمفۆنی لەندەن و ئۆرکسترای سەمفۆنی بی بی سی ئەناسرێ، سەرایەکە بۆخۆی و ١٩٤٩ کەسی بێ پاڵەپەستۆ تێداجێ‌ئەبێتەوە. شانۆکەیشی ١٦٦٦ کەسی بەقنجی تێدا دائەنیشن، و سێ سینەماش لەخۆئەگرێ کە بەهەموویان ٦٩٨ کورسییان تێدا قووت بوونەتەوە. ئەمە جگە لەشانۆیەکی چوارلایی ٢٠٠کەسی و ٧ هۆڵی گەورەی کۆنفرانس و گەلەرییەکی فراوان و چەندین کەلەگێ و جێ پیشانگە.

ڕاستییەکەی زۆرێك لەوانەی لێرەکانێ مێملی هـونـەرن، سـاڵانـە چەند جارێك سەرلەناوەندێکی لەو بابەتانە ئەدەن.

ئێوارەی ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ منیش درەنگانێ دوای ئەوەی کاك هەڤاڵ کوێستانی ئاگاداری کردمەوە کە شەهرامی نازری لەوێکانێ کۆنسێرتێك ئەباتەڕێوە، وەك دەروێـشـێـکـی بـەهـەقـی ڕەسـەنـایـەتـی بەپەلەپروزێ فریای بنکرەکەی کەوتم و چوار بلیتم لەسەر ئەنتەرنێت بۆخۆم و بەشێك لەماڵ و منداڵ کڕی و ٧:٣٠ ی ئێوارە بـەتـاسـەوە لـەجـێـگـەکـانمـانـدا بـێ نقە دانیشتبووین.

من دەمێکە زەوقی میللیم ئاڵۆزکاوە و زۆرینەی گۆرانی و بن بزێوی کاڵوکرچی بەناو کوردی، ناکوردی و ناهونەریی ئەم سـاڵانـەی دوای ئـــازادی تـووشـی لەش داهێزرانی کردووم، بەڵام دڵنیابووم شەهرام، شـەهـرامـە، ئـەزانـێ چ ئـەخـوێـنـێ و گوێلێبوونیشی ئاوڕشێنێکی فێنکی گیانە، بۆیە سەرنجی ناوەخنی بەرنامەکەم نەداو نابینایانە وتم: (ئۆخەی ئەمجارەیان زیندوو گوێم لەسۆزەی گۆرانییەکانی، وارانـە، پەپووسلێمانی، وعەمرەکەم کەژێ ئەبێتەوە، ئێ بەڵکە ئەمە خوایە لەنێزیکیشەوە تێبگەم بۆهەرکەس بیبینێ، کـەژێ، دەمودەست دەروونـــی ئـــەهـــەژێ!) وامـــئـەزانـی وەك کۆنسێرتەکەی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠ی سلێمانی دیسانەوە پەریزادەی سلێمانی بەڕۆحی ئەم چاوەکانی ئەڕێژێتەوە!

تومەس سەرلەبەری کۆنسێرتەکەی (سۆزی ڕۆمی)بۆیادی ٨٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی (مەولانا جەلالەدین ڕۆمـی بەلخی- ٣٠ سێپتەمبەری ١٢٠٧ تا ١٧ی دێسەمبەری ١٢٧٣) تەرخانەو باربیکان، هۆڵی ڕۆیاڵ ئەلبێرت و دامــەزراوی کەلەپووری ئێرانی بەسێ قۆڵی بەرهەمیان هێنابوو!

شەهرامی هونەرمەند، کە ڕۆژنامەکانی کریستیان ساینس مۆنیتەر بە(پاڤارۆتی ئـێران) و نیویۆرك تایمسیش بە(بولبولی فـــارس)ی نـــاوئـــەنـــێن،ڕۆڵـــەی ئـــەو گەلە ژێردەستەیەیە کەناوی کوردەو ساڵی ١٩٥٠ لەکرماشان لەخێزانێکی مۆزیك پەروەر و هونەرپیشە لەدایکبووە.

دایکی شەهرام یەکەم مامۆستای گۆرانی کۆرپەکەی خۆی بووە و بەئاوازی میللی کوردی فێری گرۆگاڵی کردووە.

کـــرمـــاشـــان، خـــۆی و دەوروبـــــەری سەرچاوەیەکی گرنگی سۆفیزمی ناوچەکەن. بۆیە لەژینگەیەکی ئاوادا، شەهرامیش زۆرتر لـەسـێ دەیـە ئـەڵهـای سۆفیگەریی و شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی، حافزی شیرازی و فیردەوسی ئەبێ و بۆیەکەم جار شیعرەکانی مـەولانـای ڕۆمـی ئەخاتە نێو مۆزیکی ئێرانەوە. ئەم سۆزە هێندە پەرەئەسەنێ و لەشەهرامەوە حافزی کوڕی ئەتەنێتەوە، بەڕادەیەك ئەمێستا هێندە وەجاخ روونە تەنانەت هۆنراوەو ئاوازەکانی سۆزی ڕۆمی تـێـکـڕا بـەرهـەمـی شـەهـرامـی بـاوك و کوڕبوون.

شەهرام، کە یەکێکە لەهونەرمەندە هەرەناسراوەکانی کورد و ئێران و هەنوکە هەڕەتی بەخششێتی، لەچەندین وڵاتی وەك



ئەڵمانیا ،فەرەنسە، سوید، ژاپۆن، لوبنان و مەراکیش کۆنسێرتی گێڕاوە، دوای ئەوەش کەکۆنگرێسی ئەمەریکا خەڵاتی پێزانینی داوەتێ، لەزانکۆکانی ستانفۆرد، کۆڵۆمبیا، کالیفۆرنیای لۆس ئەنجلس و بێرکلی، ئیمۆری ئەتلانتا و هارفارد، داوای نمایش کردن و وانەبێژییان لێکرووە. تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەوەی کەمۆزیکی کلاسیکی کوردی و ئێرانی ژیاندۆتەوە خەلاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشیون. ئەمجارەشیان دوای ئەوەی لەفەرەنسە خەڵاتی (Légion d'honneur)کە بەرزترین خەڵاتی فەرهەنگی ئەوێیە حەڵاڵ کردبوو، بارگەی لەلەندەن خستبوو.

ئیتر بەر لەئامای ئاغای نازری و یاوەرانی سەرەتا پێشکەشکارێك بەئینگلیزی هونەرمەند و دەستەکەی ناساندن و پێ بەپێی ئەوەیش بەفەرەنسەیی و فارسی بەخێریان هێنایین. من کەدیتم زمانی کوردی نافەرۆزکراوە،دڵم کرمێ بوو، دەرنەکەوتنی هونەرمەندیش بەبەرگی نەتەوایەتی و دواجاریش وتەکانی خودی خۆی کە هەمووی بەفارسی بوون دەماری نەتەوەیی تەواو گرژ کردم.

گەرچی من بۆلای هونەر چووبووم، نەك وتار و پێشوازی، بەلاّم بەبینی خۆمانبێ، هەستێکی سەیری بێ خاوەنی خۆیشم تێکەڵ بەگوشادی کە هاوخوێن و هاونیشتمانێکم ئەمەندە ناسراوە، لەلادروستبووبوو، نەشمئەزانی چۆنی دەربڕم! وەلێ دڵنیابووم لەوەی مۆزیك زمانێکی جیهانییەو ئاوازی ڕەسەن بەهەر زمانێك بێ گوێقولاّغی ئەبم و رامئەکێشێ!

خەڵکانێکی بێگانەی زۆریشی لێبوون، پێشەوەم بۆ نێوچەوان ڕەشی و بێ ئیقبالی من پیاوێکی ئەمەریکایی هێندە کەڵەگەتبوو، نامەخوا کە دایشنیشتبوو ئەتوت هێشتا هەر بەپێوەیە! لای چەپیشم ئافرەتێکی غەیرەدینی ئینگلیزی هاوسونعی خۆم بوو، پری ژاپۆنیش بوو. خەڵکانێکی زۆر دووربینیان پێبوو، تا لەنزیکەوە سەکۆکەی هونەرمەندی پێ ببینن، لەکاتێکا دووربین لای ئێمە هەر لەملی ئەفسەرە تۆپچی و راوچییەکاندایە.

هەر لەگەڵ یەکەم پێداکێشانی تارو پێداهێنانی کەوانی جوزەکەدا بەندە ڕۆنکم باراند. ئای بۆ هەموو وردەکارییەکانی منداڵی و تافی لاوی، جارانی وڵات، شار و گەڕەك، چۆن هەموو بەپرتاو هاتن و هەناویان سیم! ئاخر ئێمە هەموو بەمۆزیك مەلاشوومان هەڵدراوەتەوە، مۆزیکی سونەتی ئێرانی هەمیشە بۆ ئێمە خۆراکی گیانبوو.

ئێمە بەچەهچەهەی ئیرەج، شەجەریان و موعین، ئالودەبووین، بەزمی ئاشقانەکەی هایدەو گوڵپایگانی لەگەڵ تەمی سەرپەنجەرەی ژووری زستانانی سەخت و هاوینانیش تادرەنگانی شەو لەبەر ڕووناکی گڵۆپی کزی ستونێکی کۆڵان لەرادیۆ و ڕیکۆردەرێکی هەژارانەی ناو باوەشمان تا وەنەوزدان هەمنشینمان بوون. تەکنەوازی نەیەکەی موسەوی، تارەکەی جەلیلی شەهناز، کەمانچەکەی یاحەقی و موشتەبا تێشووی سەفەری ژینمان بوون. تەنانەت ڕەمەزانانیش تەریب بەرەوتی تەپڵەکەی پارشێوانی ژێر چوخمەکەی سەرشەقام، تائەوکاتەی دوا نوقورچمان لەناوساجییە پڕ ڕەشکەوشملییە چەورو قەراغ گرناڵ گرناڵەکانمان ئەگرت و دواکوتمان بەتۆزێ کوزەڵەو ماست و قومێ چای شیرینەوە عافێت ئەکرد، گوێمان بەسەلای ئێزگەکەی تارانەوەبوو.




ساڵی ٢٠٠٧ (جۆرج کلونی) و (شەهرام نازری) خەلاتی فەرهەنگی فەرەنسایان وەرگرت

شەهرام، دەستی کردەچڕین و لەبەرەوە چەندین مەقامی فارسی کلاسیکی پێشکەشکرد، بەڵام بەشێوازێکی نوێی هارمۆنی و ڕەزمێکی نفت و ئۆرکسترایی کەگڕوکفێکی بڕێك جودای ئەخوڵقاند. لەهەر لێبوونەوەیەکدا من گوێم لەمنداڵەکانی خۆم ئەبوو ئەیانوت: (ناتوانین خۆمانی تێدا ببینینەوە، ئەمە کوردی نییەو پەیوەندی بەئێمەوە نییە). نارازی بوون، کونەمشکم لێبووبووە قەیسەری نەقیب، نەمئەزانی چۆنی پینەبکەم!

دواتر بۆ ٢٠ خولەکێك پشوودرا، وتم، ئێمە میللەتی ئیمزا کۆکردنەوەین، بەڵکە چەندانێکم لێ هەڵکەوێ پێکەوە نامەیەکی بۆ بنووسین. چاوم گێڕا، جگە لەکاك کوێستانی، کاك مستەفا کەریمی کەرکوکی، کاك عومەری ساڵح بەگ، کاك ئەنوەری سوڵتانی و خێزانەکەی کەسی ترم نەدین. بەهەمەمو نەچووینە ١٢ کەسێك، تا هیچ نەبێ خۆمان لەو لەشکرە فارسە بکەینە دوانزە سوارەکەی باربیکان! نەخێر ئەوانیش سەرقاڵبوون. جا لەبەرئەوەی دووشەممەبوو کە سەرەتای هەفتەی ئیشکردنە و ڕەنگە کورد نەیانپەرژابێ، بەڵام ئەفسوس بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگەیەی ئەمڕۆکەی ئێمەش واڕاهاتوون بۆ گۆڤەندو ڕەشبەڵەکی هێستریایانە نەبێ، چێژ لەبۆنەیەکی هونەری پوختی وانابینن و تەنك دەرئەکەون. لەلایەکی ترەوە، چونکە ئێمە هێندە سیاسەت ژیانی تەنیوین، لێرەی تەراوگەش گۆشەیەك لەژینماندا نەماوەتەوە کەبەسیاسەت بارگاوی نەبووبێ. سیاسەت هەموو شتێکی لەبەرچاو خستووین. یەکەم قوربانیش هونەرەو وێژە!

نەخێر، نەشئەم پەیداکرد! غیرەت گرتمی و توانیم بەپەیامێکی کورت، گلەییەکی گچکە بەکوڕێکی ئینگلیزی دەرگاواندا بۆ هونەرمەند بنێرم و نووسیم: (ئاغای شەهرام نازری.... ئاوازی کوردی؟)

پشوو تەواوبوو، شەهرام بەجلکە سۆفییانەکەیەوە هاتەوە سەرتەخت و سێتارەکەی پێبوو، دەفژەنەکەیش بووە هاوسەکۆی، تارژەنەکە نەهاتەوە، جۆزەژەن و عودژەنەکەیش هەروەها بزربوون.


ئوستاد محەمەد ڕەزای شەجەریان، خەڵاتی ڕێزلێنان ئەداتە نازری– تاران

لەبەرنامەکەدا نوسرابوو (بەشی دووەم... کۆمەڵێك ئاهەنگی سەرپێی). دیارە جەماوەرەکە کە زۆرینەی فارس بوون، هەر بەفارسی چاوەڕوانیان ئەکرد.

شەهرام، قامکی لەسێتارەکەی کۆشی وەردا، سڵاوی دایەوە، گوڵی باراند، لەبەرخۆوە ورینگەیەکی خۆشی دەستپێکرد و مەقامێکی لوڕی کرماشانی موتوربە کرد..هێندەی نەبرد هێنای...هێنای گەیشتە سەر (کابوکێ)، چووەسەر (لەرزان هۆ لەرزان)، هاتەسەر ئاوازی (لانکۆڵێ) گەڕایەوە سەر (کابوکێ) و دواجار یەك لەسەریەك بەشریخەی (خەمی کوردان گرانە) بەرەو ئاسمانی کوردستان لەگەڵ لەرەی پڵپڵەی دەفەکەو خرچەی قامکەکانی سەر ژێی سێتارەکەی دای لەشەقەی باڵ، جەزبە گرتینیی و هەموومانی لەگەڵ خۆبرد. کەگیرساینەوە،بووە چەپڵەڕێزانێکی بێئەندازەو هەستانە سەرپێ. کڕنۆشبردن بۆ هونەرمەند و هونەرەکەی. منداڵەکانم ڕوونبوونەوەو خێرا..خێرا سوپاسیان ئەکردم و ئەیانوت: (دەستخۆش باوکەگیان..هەقت بۆ کردینەوە...ئافەرین...!)

منیش وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی کە چوارپارچەکەی جگەرم لێك نابێتەوەو دوژمنەکانیم تارومار کردبێ، لەناخەوە





لەخۆم رازیبووم! هەمان کات بیرم ئەکردەوەو ئەمگوت: (یاران باشە ئەم هەموو فارسە بۆ کەسێکیان متەقیان نەکرد؟ خودایە خۆ ئەوان شێلگیرانەتر لەبەزمی یەکەم هەستانەسەرپێ و چەپڵەیان لێدا، ئێمە هیلاك بووبووین، کەچی ئەوان تازە گەرم ئەبوون؟) وتم: (وەڵا بابە ئەشهەدو بەحەق ئامۆزاین!!)

خانمەکەی تەنیشتم رووی تێکردم و بەحەپەساوی ویستی بڵێ: (ئەوە چی قەوما؟) منیش خۆبەخشانە وتم: (ئەمەی ئێستا چڕی کوردی بوو، بەڵام تاقی یەکەم، هەر فارسی رووت بوو. ئەم خۆی کوردەو بەهەردوو زمان گۆرانی وت.) ناراستەوخۆش دام بەگوێیدا، کە(هونەرمەند لەخوێنەکەی منە!) دەمە لەچیت کەمە؟! خانمەکە روونتر بۆوەو وتی: (زۆر سوپاس، من زمانەکان تێناگەم و لێك جیاناکەمەوە) و یەکسەر پرسی: (کورد بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراون؟) برینم کولایەوەو هاتمەوە سەرساجی عەلی!

لەهاتنەدەرەوەدا، ویستم هونەرمەند ببینم و سوپاسی بکەم و بڵێم: (من بووم بەرنامەکەم پێگۆڕیت)، بەڵام چونکە هێندە بەڕیز بۆ بینینی و ئیمزاوەرگرتنی وەستابوون..دریغ نەمتوانی دڕ بەعەشاماتەکە بدەم و کۆتایی ریزەکەم بەدی نەکرد!

سەرسام بووم بەفارسەکان، کە لای ئێمە بەگیر ناسراون، لەخۆیان ئەگرنەوە، ئەو حەمکە پارەیە ئەدەن بەبلیت و سی دی، هێندە لایەنە کەلتوریەکانیان لامەبەستە و وابەتامەزرۆیی نۆرەیان گرتووە....ئێمەی کوردیش تاکوتەرا بەشەرمنی لەپەراوێزی ئەواندا ین. بەڵام دیارە ئەوان جگە لەوەی باش ئەزانن مۆزیك خۆراکی گیانە، چاك ئەم ئاغایەش ئەناسن و ئەزانن چ وەستایەکی دانسقەیە!

کچە بچکۆلەکەم پێی وتم: (گلەیی لەشەهرام ناکەم کە بەفارسی گۆرانی ئەڵێ، ئەزانی باوکە ئەوان پێیانگەیاندووە!) ئەم سەرنجەم دواتـر لا تۆکمەتربوو کە زانیم هونەرمەند لەگەرانەوەشیدا بەفەرمی لەسەر ئاستی دەوڵـەت لەفرۆکەخانەی میهرئاباد پێشوازی لێکراو دواتر خەڵاتی سیمورغی ئێرانیان پێ بەخشی. هەر لەو لێکدانەوەیەدا بووم، رووی تێکردمەوە وتی: (بەڵام کوا لای خۆمان کوردێك تائێستا گۆرانییەکی عەرەبی وتووە؟!) (ئەوەشیان راستە) وەڵامم دایەوە، بەڵام ئەوەم پێ وت کە: (ئەفسوس چەمکی ئێرانی بوون قوڵاییەکی زۆری هەیە، لەکاتێکدا لای ئێمە هێندە عێراقی بوون، رۆنەچووەو نەزۆکە..شکور، دیارە ئەمەش پابەندە بەجودایی باری رامیاری هەربەشێکی لکێندراو بەولاتێکەوەو ئەو قۆناغەی کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەوبەشەدا پێی گەیشتووە!)

شەهرام، من و هەمووومانی کڕییەوە، دڵخۆشی کردین و سـەری بەرزکردینەوە، لەکاتێکدا زۆرێـك کە ئەمرۆکە دەستیان ناوەتە بینەقاقای هونەری مۆزیك و گۆرانی کوردی، لەباتی دەوڵەمەندکردن، ئەوەندەی تر ئەم دەستمایە بەنرخەی میللەتەکەمانیان لەبەرد داوەو جەماوەریان لەهونەر تۆراندووەو تۆقاندووە!!

من لەبڕیاردان خۆبەدوورئەگرم، بەڵام ئەوەی لەجەماوەری ئەوشەوەم بینی، ئەوەی پێ وتم، کە نـازری، خـۆی، هـونـەرەکـەی و جەماوەرەکەشی گشت رەسـەنـن. بینەرو گوێگری راستەقینەش هەرگیز بەها بۆکاری رەسـەن دائەنێن و دزی لەهونەرمەندەکەی خۆیان ناکەن. هونەرمەندیشە کە گزی لەجەماوەرەکەی خۆی ناکا. ئەوانن هونەرمەند پێئەگەیەنن، هونەرمەندیشە کە ئەوان بۆخۆی دائەبڕێ، ئەمەش پەیوەندییەکی راستەوانەیە. لەوێشەوە دەبێتە سیمبوڵی وڵات و دەوڵەتیش چاوی لێ نانوقێنێ.

تێگەیشتم نیازپاکی و راستگۆیی هەر هونەرمەندێك لەگەڵ خودی خۆیدا و بەدڵ و گیان خۆتەرخانکردنی بۆ هەرکارێك چ ئەنجامێکی سەرکەوتووی لێ ئەکەوێتەوە. توانەوە لەبۆتەی هەر کارێکدا، مانای چوونە قوڵایی و تێگەیشتن لەوردەکاریی و کون و کەلەبەری ئەوکارە، نەك بت ئاسا راوەستان و بێژان و بەتەنها چاوبڕینە دەسکەوتی مادی و هەڵپەی خۆدەرخستن و هەڵەشەیی.

نازری جگە لەقورگی، سەیر و نیگای، سیمای، زمانی جەستەی، بەرگ و پۆشاکی، رەوشتی خۆی و هاوکارانی هەموویان ئەوەیان ئەگەیاند کە چەندە لەبابەتەکەیدا پسپۆڕ و قاڵ و زاڵە.

پەیامی نازری ئاشناکردنی خۆرئاوابوو بەپەیامی بێگەردی ئاشتی و خۆشەویستی مەولانای رۆمی. دەرکەوت ئەشێ لەبەردەم کرانەوەی سنوورەکاندا لەهەر کوچەیەکی جیهاندا بیت دەنگت بیستراو بێ، چونکە هونەر و وێژەی رەسەن بەهەر زمانێك بن موڵکی سەرجەم مرۆڤایەتین.

داخۆ ئێمەی کورد چەندی لەبابەت ئەم ئوستادەمان گەرەکە تا پەیامی راستگۆیی و قوڵی پڕ مرۆڤانەی، سۆفیگەرانەی جەزیری، مەولانا خالیدی کوردی شارەزوری نەقشبەندی، مەولەوی، و مەحوی مان بەخۆرئاوا بگەیەنین؟! خۆزگە نازری ئەو ئەرکەی ئەگرتە ئەستۆ.

کۆنسێرتی سۆزی رۆمی ئەڵقەی زیکرێکی بێ خەوش، بەدەنگێکی بێگرێ و گۆڵ، بێ خۆبادان، بێ نازونوز لەقورگێکی سۆفیانەو هونەرمەندانەوە رسکاو ئێمەی تەڕ و وشکی سۆفی و ناسۆفی دڵتەڕانە پێهاتینە گۆرانی!

حافزی کوڕ کەدەستە راستی بابێتی، ئەڵێ: (هەوڵەکانم لەپێناو بەدیهێنانی مۆزیکێکی تایبەتی تازەبابەتە کەخاوەنی هارمۆنیا و مەزاجی سوریالانەی خۆی بێ.) واشبوو، شەهرام تێیگەیاندین گۆرانی خەڕەك نییە بڕێسرێ، بەڵکە شنەیەکە هەڵئەکا، وچان ئەدا، ئەحەسێتەوەو دیسان هەڵئەکاتەوە.!

سۆزی رۆمی، بەدەم پەیدابوون و شەیدابوونی شەهرامەوە گلۆڵەیەك پرسیاری مەولانای مەفتون و نوقمی ئەشقی خودایی، بۆ تێگەیشتن لەسەرسامی، لەهەڵکردن لەنێو قەفەزی خۆشەویستیدا وروژاند، توانەوەبوو لەبۆتەی ئەشقی بێ وێنەو پەتی کردگاردا تائاستی یەکانگیربوون.

ئاخر ئەوە هونەر و پەیامی ئاشتی مەولانا بوو، ئەو ئێوارەیە ئێمەی هەموو پێکەوە کۆکردەوە....کورد، فارس، ئینگلیز، ئەمەریکایی، ژاپۆنی، فەرەنسایی......تاد. ئەوە رەسەنایەتی بوو کە هەموومانی کەمەندکێش و ئەبڵەق کرد. ئەوە دەنگ و رەنگ و زەمزەمەی ئەو بولبولە خۆشخوێنەی کوردو سەلیقە هونەری و نەتەوایەتییەکەی بوو سڕی کردین.

راستە نازری هات بەفارسی، سۆفیانە بچڕێ، بەڵام دەرکەوت لەناو ئەڵقەی زیکرو تەهلیلەی سۆفیگەرانەو لەناوەندێکی واگەورەو پێتەختێکی وامەزن، ئامادەیی سەدان بێگانەو وەرگرتنی خەلاّتی بەنێوبانگ ئەم هێشتا لەناخەوە هەر رۆڵەکەی جارانی باوەشی دایك و کرماشانی کوردە، دەسا چون (کەژێ):

سلاّوێك لەخۆت
دووسەد لەدایکت
سێ سەد لەوکەسەی بڕیویە ناوکت

**تێبینی**

١- ناونیشانی بابەتەکەو دوا سێ دێڕیش، ئاماژەن بەکۆپلەیەکی گۆرانی (عەمرەکەم کەژێ)ی چەپڵە ئامێزی هونەرمەند شەهرام نازری کە لەکۆنسێرتی ٢٠٠٠ی سلێمانیدا پێشکەشی کرد و وا دەست پێ ئەکا:

عەمرەکەم کەژێ...چاوەکەم کەژێ
هەرکەس بیبینێ...دەروونی ئەهەژێ

٢- لۆچینۆ پاڤارۆتی(١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٥-٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧) خێرخواه و گۆرانیبێژی ئۆپێرای هەرە بەناوبانگی جیهان، ئیتالیا.

٣- ناوی درێژی مەولانا خالیدی کوردی شارەزووری نەقشبەندیم، لەباسکار کاك سەباحی غالیب ئاغا وەرگرتووە. بەپێی توێژینەوەی بەرێزی، مەولانا خالید یەکەم زانا و بوێژی کوردە کەنازناوی( کوردی) لەخۆناوە.

٤- بۆنووسینی ئەم بابەتە هەندێك سەرچاوەشم سەرپێی خوێندۆتەوە، لەناویاندا ویکیپیدیاو نامیلکە هەشت لۆچە ئینگلیزییەکەی سی دی (سۆزی رۆمی) ٢٠٠٧ خۆی.

٥- بەشێك لەشیعرەکانی ئەو کۆنسێرتە، ئاغای سەعید سەعید پوور لەفارسییەوە کردوونی بە ئینگلیزیی، و لەبەرگی سی دی یەکەدا نووسراونەتەوە. بۆیە نەمکردنە کوردی وتم مەبادا چێژی خۆیان ون کەن.

**لێکدانەوەی وشە نامۆکان**

**ئەڵها: شەیدا، سەرسام، مەفتون**

**ئاما: هاتن**

**بن بزێوی: وردە بەزم و گۆرانی سوکەڵە**

**چەهچەهە: لەراندنەوەی دەنگ بەقوڕگ**

**چون: وەك**

**گرناڵ گرناڵ: گرنج گرنج و ناڕێك**

**هاوسونع: هاوتەمەن**

**مێمڵ: تامەزرۆ**

**نامەخوا: ماشەڵڵا**

لەندەن- سێپتەمبەری ٢٠٠٨

